## قاسم سلێمانی کێ بوو؟؟

عەلی مەحمود محەمەد

شکاندن وسوتاندنی بەرفراوانی وێنەو پەیکەرەکانی قاسم سلێمانی لەسەرتاسەری ئێران, شایی و هەڵپەڕکێی گەنجانی مهاباد لە یاداوەری کوشتنی سلێمانی, کە بێباکانە ملی خۆیان خستۆتە بەر چەقۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو یادە خۆشە, ناتوانن بەختیاری خۆیان بۆ مەرگی بشارنەوە, وە ئەرشیفی وێنەی پرسەکەرانی قاسم سلێمانی لە باشووری کوردستان و وتەو لێدوانی سیاسی و نووسەران لە سێ ساڵی رابردوودا چ خەجاڵەتییەك دردەخات.

ئەمەی من لەم کورتە وتارە باسی دەکەم مشتێکە لە خەرواریك لە تاوانی ئاشکرای یاداشتکراو, داخوا دەبێت ناوبراو بە بڕیارە نهێنییەکانی چەند تاوانی قێزەونی کۆمەڵکوژی و تیرۆری ئەنجام دابێت؟, چەند پلانی دژ بە کوردی دابێت, ئەو لە وێنەکاندا خەندەی دەباراند, وەلێ لە ناخدا غەزەب و مەرگی دەبەخشییەوە.

دەمەوێت جیا بم و جیاش قسە بکەم, نە وەك گەشتیارانی باشووری بۆ شیمالی ئێران بدوێم, وە نە وەك سیاسییە پڕۆ ئێرانییەکان لەمەڕ کوردایەتی بە فایلەوە دروشم بدەم, وە نە وەك ئەو تەرزە نووسەرانەش لە مانای ئازادی و ئەخلاق پەیوەندی نێوانیان لە فکرو نووسیندا تێنەگەیشتوون بیربکەمەوە, وە نە وەك هەنسکەی گریانی پرسەکەرانی سیخوڕخانەکان ئیتلاعات هەڵوێست بنوێنم, نە وەك ئەو پرسەو شەپپورەی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ حاجی قاسمی سلێمانیان بەرپا کرد بجوڵێمەوە, جیاش لەو چەپەی ئەمەریکای لاتین و ئیسرائیل عەقڵیانی کوێر کردۆتەوە, ئەوەی دژی ئەمەریکاو ئیسرائیل و هاوپیمانەکانی بێت دەیکەنە شۆڕشگێڕ, دەبێت مێژوو لە دوارۆژدا چی لەسەر ئەو نووسین و راپۆرتانە بڵێت؟, کاتێك نەوەکانی داهاتوو خوێندنەوەیەکی ئەخلاقی بۆ وێنەی ریزی پرسەگەرانی سیخوڕ خانەکان لە سلێمانی و هەولێر و رەفتارو نووسینەکان دەکەن؟, چی دەڵێن کە دەبینن گەلێکی قەسابی کراو چۆن ستایشی جەلادەکەی خۆی دەکات و چەقۆی ملی خۆی دەلێستەوە؟, چۆن ژمارەی فایلدارانی جاسوسخانەکان تاران و ئەنکەرا چەندین جار زیاترن لە فایلدارەکان بەعس.

## قاسم سلێمانی کێیە؟

لە ١١ی ئازاری ١٩٥٧ لە گوندی " کەناڵ مالك" قەنات ملك " ی ژمارەی دانیشتوانی ٤٤١ کەس,١١٩ خێزان " سەر بە ناوچەی رابور " ژمارەی دانیشتوانی ٣٥٣٤١ کەس,٧٦٦٤ خێزان " لە پارێزگای کرمان لە خێزانیکی جوتیاری زۆر هەژار هاتۆتە دنیاوە, کە بەهۆی چاکسازییەکانی زەوی ساڵی ١٣٤١ی شاوە, پارچەیەك زەوییان بەکەوتبوو.

لەو خێزانە هەژارە منداڵێك چاوی بە ژیان هەڵهێنا ناویان نا قاسم, ناوی باوكی حەسەن و ناوی دایكی فاتمە سلێمانییە, دەڵێن سلێمانییەكان بە بنەچە لوڕن و لە ناوچەی لوڕستان و بەختیارییەوە لە دەوروبەری ساڵی ١٧٥٠ زاینی كۆچیان كردووە بۆ پارێزگای كرمان.
ئەو بە ناوی قاسمی كوڕی حەسەنی كوڕی ئیمام عەلییەوە ناوی موبارەكی نراوە, ئەویش كە گەورە بوو وەك هەمان قاسم پێیی وابوو مردن وەك هەنگوینە لە پێناو عاشوراو حوسێندا, ٤٠ ساڵ پۆستاڵی سەربازی دانەكەند, باوەڕی وابوو تا ساحیب الزەمان ئیمام مەهدی دێت , چەك لەشان بێت لە سوپای پاسداران.

تا لە كۆتاییدا هەنگوینەكەی بە نسیب بوو, لەناو هەنگوینەكە وا تواپەوە, ئەنگوستیلەكەی پەنجەی و پشتڕاستكردنەوەی پشكنینی دی ئێن ئەی نەبوایا, دەوترا وەك عیساو ئەبو زەڕ هەڵكێشراوە بۆ تەبەقە ناناسروەكانی ئاسمان, دەبوایە لە چاوەڕوانی بونایە بە مەهدی بوون بگەڕابایەتەوە.
سلێمانی ٥ براو ٥ خوشكی هەبوو, یەكێك لە براكانی بەناوی سوهراب سلێمانی بەڕێوەبەری زیندانی تارانە, بە دڵڕەقی بەرامبەر بە زیندانیان و پێشێلكەری مافی مرۆڤ وەك جەلادێك لای ئازادیخوازانی ئێران ناسێنراوە.
سلێمانی لە تەمەنی هەرزەكارییەوە خێزان پێكەوە دەنێت, دو كوڕو سێ كچی دەبێت, حوسێن و محەمەد رەزاو زەینەب و فاتمە و نێرگز ناوی زۆرینەی منداڵەكانی عەشقی قوڵی شیعەگەرایی پێوە دیارە.
ئەو لە بەر هەژاری تا پۆلی ٥ی سەرەتایی خویندووە, لە تەمەنی ١١ ساڵی واز لە خوێندن دێنێت, ساڵی ١٩٦٩ واتا لە تەمەنی ١٢ ساڵی, لە لادێكەیانەوە ڕو لە شاری كرمان دەكات بۆ كرێكاری بیناسازی, بۆ هاوكاریكردنی خێزانەكەی, تا قەرزە نۆ هەزار ریاڵییەكەی سەر باوكی بداتەوە, دواتر لە ساڵی ١٩٧٤ لە فەرمانگەی ئاوو ئاوەڕۆی شاری كرمان دەبێتە كارمەند.
بەلام رژێمی ئێرانی ژیانامەیەكی دیكەیان بۆی نووسیوەتەوەو راستییەكانیان شێواندوو بەم شێوەیە : گوایە لە ١١ ساڵی بۆ خوێندن چووە بۆ كرمان, دبلۆمی هێناوە, دواتر پەیوەست بووە بە هێزی كارەوە.
لە ١٨ ساڵ بووە بە بەڵێندەر, لە ٢٠ ساڵی پەیوەندی كردووە بە خەبات دژ بە رژێمی پاشایەتی.
دواتر بووە بە فەرماندەی سوپا لە ئازەربایجانی رۆژئاوا "كوردستان.

https://www.imna.ir/news/٥٤٦٠٠٠/%D٨%B٢%D٩%٨٦%D٨%AF%DA%AF%DB%٨C-%D٩%٨٦%D٨%A٧%D٩%٨٥%D٩%٨٧-%D٨%B٣%D٨%B١%D٨%AF%D٨%A٧%D٨%B١-%D٨%AD%D٨%A٧%D٨%AC-%D٩%٨٢%D٨%A٧%D٨%B٣%D٩%٨٥-%D٨%B٣%D٩%٨٤%DB%٨C%D٩%٨٥%D٨%A٧%D٩%٨٦%DB%٨C-%D٨%B٩%DA%A٩%D٨%B٣-%D٩%٨١%D٨%B١%D٨%B٢%D٩%٨٦%D٨%AF%D٨%A٧%D٩%٨٦-%D٩%٨٨-%D٨%B٤%D٩%٨٧%D٨%A٧%D٨%AF%D٨%AA

## پەیوەندیکردنی بە خەتی ئیمامەوە

لەو کاتەی شۆڕشی گەلانی ئێران کڵپەی سەندبوو لە لایەن گەنجە چەپگەراکانی ئێرانەوە درێژەی پێ دەدراو رابەرایەتی دەکرا, ساڵێك بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران, لە رێگای حوجەتوالئیسلام سەید رەزا کامیابەوە, کە لە مانگی رەمەزانی ئەو ساڵە لە شاری مەشهەدەوە هاتبوو بۆ ئوستانی کرمان, پەیوەندی بە خەتی روحوالله خومەینیەوە دەکات, هەر خودی کامیاب دواتر سولێمانی بە ئایەتوڵا خامنەئی دەناسێنێت و دەرگای چوونە پێشەوەی بۆ دەکرێتە سەر پشت. ناوبراو یەکێك دەبێت لەوانەی لە لایەن رێکخراوی مجاهدینی خەلقی ئێرانەوە دەکوژرێت لە ٧ موردادی ١٣٦٠" ٢٨-٨-١٩٨١ ".

سلێمانی لە کرمان تێکەڵ بە ئیسلامی سیاسی دەبێت, ئەوان شەرمنانە بەشداری راپەڕینیان دەکرد, پەیوەندییەکەی تەنها زارەکی بوو وە هیچ چالاکییەکی هەستپێکراوی نەبووە دژ بە رژێمی پاشایەتی, دەنا ئێستا بە شانازییەوە لە سیڤیەکی گەورەتر لە خۆی نیشان دەدرا, لە کاتێکدا وڵات کڵپەی دەداو لاوانی چەپی هاوتەمەنی ئەو پۆل پۆل بەرەو مەرگ دەچوون بۆ روخاندنی رژێمی پاشایەتی, بێ باکانە و بەوپەڕی عەشقەوە دوا هەناسەیان تێکەل لە گەڵ گازی سیانید دەبوو کە لە گیرفانەکانیان هەڵیان گرتبوو, کەچی ئەمان لە کونجی مزگەوتەکانەوە بە دوعاکانیان دەکڕوزانەوە.

## بوون بە پاسدارو بەشدار جیهاد دژ بە خەڵکی کوردستان

دوای سەرکەوتنی شۆرش بۆ سەرکوتکردنی بەرەی شۆرش و سەپاندنی حوکمی ئیسلامی بەسەر ئێراندا, سوپای پاسداران پێکدەهێنرێت, لە لایەن خومەینیەوە لە رۆژی یەك شەممە رەشەکەی رێکەوتی ٢٢ی نیسانی ١٩٧٩ راگەیەنرا.

قاسم سلێمانی لە ئوستانی کرمان زوو پەیوەندی بە سوپای پاسدارانەوە دەکات,٤٥ رۆژ خولی سەربازی خێرا دەبینێت لە لای رێکخراوی فەتحی فەڵەستینی, بەدوای راگەیاندنی جیهاد دژ بە خەڵکی کوردستان, دەبێتە راهێنەر, کە خومەینی لە رۆژی سێشەممە رێکەوتی(١٩-٨-١٩٨٠) بەشێوەی فەرمی رایگەیاند, داوای لە لایەنگرانی سستەمی ویلایەتی فەقیە کرد ئەرکی شەرعی خۆیان لە هێرشکردنە سەر کوردستان و لە ڕەگ دەرهێنانی" کفرو ئیلحاد" بەجێ بهێنن, بەوەش شەڕێکی نەخوازراو بەسەر گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپێنێنرا, زۆر تاوانی قێزەون بەرامبەر بەم خەڵکە ئەنجامدران دەچنە چوارچێوەی تاوانە نێودەوڵەتییە مەزنەکانەوە.

قاسم سلێمانی و ئیسماعیل قائانی یەکێك بوونە لەوانەی لە یەکەم چرکە ساتەکانی دوای فتواکە رویان لە کوردستان کردووە بۆ جیهاد و بەشداری کۆمەڵکوژی خەڵکیان

کردووه، هەر لە میانی جیهادەکەی کوردستانەوە یەکتریان ناسیووە, زۆر بەباشی ئەرکەکانیان جێبەجێ کردووە, وەك سایتی تابناکی پاسداران ئاماژەی پێ داوە.
بە دوای فتواکەی خومەینی, سلێمانی بە دوری زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمەتر خۆبەخشانە بێ وەرگرتنی موچە, لە ئوستانی کرمانەوە دەچێت بۆ شاری مهابادو ئازەربایجانی رۆژئاوا بۆ بەشداریکردن لە غەزەواتی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان, یەکەم بەشداریکرنی سلێمانی, لە شەڕی خەڵکی کوردستان بە تایبەت شاری مهاباد بووە, کە لەوکاتە شاری مهاباد رۆڵی گرنگی لە جوڵانەوەی کوردستاندا دەگێڕا, گوایە لەو کاتە هەوڵی جیابوونەوەیان لە ئێران دەداو خواستاری وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی کۆمۆنستی بوونە "

http://www.alshiraa.com/topics/١٥٦٨-kasm-slymany-aaaml-bna-drbth-hrk-fth-lykod-alhrs-althory-bklm-alsyd-sadk-almosoy
. "

ناوبراو لە شاری مهاباد و ئازەربایجانی رۆژئاوا بەشداری شەڕەکان دەکات لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ دا, کە لەو ماوەیەدا لەو ناوچەیە تاوانەکانی ئیعدامی مەیدانی دەرەوەی دادگا و تاوانی کۆمەڵکی کوژی قارناو قەڵاتان و ئیندرقاش و ...... ئەنجامدران, لێ ئەوکات بەهۆی بەشداری چالاکانەی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان, لە ساڵانی ٥٨ بۆ ٦٠ بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو, فەرماندەیی سوپای سارولآی دەکرد, رۆڵی بینی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان

https://fa.wikipedia.org/wiki/%D٩٪٨٤٪D٨٪B٤٪DA%A٩٪D٨٪B١_%DB%B٤٪DB%B١_%D٨٪AB%D٨٪A٧٪D٨%B١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٧

هەرچەندە پلەی بەرز کرایەوە لێ بە ئەندازەی ئاغای ئیسماعیل قائانی فەرماندەی ئێستای سوپای قودس ناو ناوبانگی نەبوو لە سەرکوتکردنەکە, وەلێ بەشداری دڵڕەقانەیان لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەرگای بۆ ئەم جوتە کردەوە لەناو حوکمڕانی ئیسلامی ئێراندا, هەردوکیان بە دەرگای کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستاندا هاتنە ژورەوە, هەرچەندە بەهۆی پلەنزمی ئەوکاتی ئەم جوتە جەلادە وە نەپشکنینی ورد لە تاوانەکان نەتوانراوە دۆسیەی تاوانەکانی ئەم دووە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئامادە بکرێت.
دوای گەڕانەوەی لە مهاباد و ئازەربایجانی رۆژئاوا بۆ کرمان, سلێمانی بەهۆی بەشداری چالاکانی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان, خەلات دەکرێت و دەکرێتە فەرماندەی پایگای سوپای قودس لە شاری کرمان.

## ٤٠ ساڵ پۆستاڵەکەی دانەکەند

قاسمی سلێمانی یەکەم ئەرکی بەشداریکردن بوو لە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی گەلی کورد کە بۆ خودموختاری تێدەکۆشا لەو رۆژگارەدا, داواکارییەکانی لە بەرنامەیەکی هەشت خاڵی سادەو ساکاردا خۆی بەرجەستە کردبوو.

سلێمانی یەکێك بوو لەو جەنگاوەرانەی بە فتوای خومەینی پۆستاڵی لە پێ کرد و بەشداری کرد لە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی گەلی کورد, تەنانەت دوای بەنی سەدریش پۆستاڵەکەی دانەکەند" دەڵێن ٤٠ساڵ پۆستاڵی لەپێدا بوەو سەرقاڵی جەنگ بوەو بێ پسانەوە لەجەنگێکەوە بۆ جەنگێکی تر چووە لەپێناوی ئێرانداو لە کاتێکدا کە زۆربەی پاسدارانی سەردەمی جەنگی ئێرانو عێراق وازیان هێنا، ئەم تا مردن بەردەوام بووە", ئەمەش لە دوو هەنگاوی دواتریدا بووە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی سەربازی.
دواتر کرایە فەرماندەی پاسدارە کرمانییەکان, بەرزترین پلە بوو لەناو پاسدارانی هاوشاری ئەوکاتیدا, دوای ٣ ساڵ بووە فەرماندەی تیپ, دواتر دەبێتە سەر فەرماندەی لەشکری ٤١ ی سارولا, کە هەموو چەکدارانی سیستان و بلوجستان و هرمزگان و کرمانی لە خۆ دەگرت.

## فەرماندەیەگی شکستخواردوو

قاسم سلێمانی وەك باسی دەکەن و خوێندنەوە بۆ ئەنجامی فەرماندەیی شەڕەکانی دەکرێت, فەرماندەیەکی سەربازی سەرکەوتوو نەبووە, ئەو لە کۆمەڵێك جەنگی گەورە لە ماوەی ٨ ساڵەی شەڕی عێراق - ئێران بەشداری کردووە, هەرچەندە فەرماندەی گشتی هیچ لەو شەڕانە نەبووە, لێ بەهۆی هەڵە سەربازیەکانیەوە هۆکار بووە بۆ بەکوشت دانی دەیان هەزار کەس, کە خۆی لە نزیك سەت هەزار کەس دەدات, وە شکستی جەنگی کەمەر شکێن, لە شەڕەکانی" فاوی ٤, نەسری ٥ و کەربەلای ٥ " دا, وەك موحسین رەزائی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران دەڵێت : ئەو سێ جەنگە سێ کارەساتی گەورە بوو بۆ سوپای ئێران لە ماوەی شەڕی عێراق ئێراندا, هەرسێکیشی سلێمانی هۆکاری شکستەکانی بووە. نەیارانی چونە پێشەوەو سەرکەوتنی پلە بەندی سلێمانی دەگێڕنەوە بۆ نزیکایەتی ئەو لە خامنەئی بە " جانتا هەڵگری مەلا" ناوی دەبەن نەك ئەو سێلڤیانەی دوای جەنگەکان دەیگرێت وەك ژەنەراڵی سەرکەوتوو خۆی نمایش دەکات, وا باسی دەکەن هەمیشە لە دوای نیشتنەوەی شەپۆلەکان ئامادەیە, وەلێ لەکاتی شەپۆلەکان لە بەندەرە ئارامەکان لەنگەری گرتووە دوور لە تۆفان و تسۆنامیەکان.
قاسم سلێمانی دوای بەشداری کردنی کەمی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە ئوستانی کرمان" دیارە وردە کاری چالاکییەکانی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بە نهێنی ماوەتەوە, بەڵام بەهۆی بەرز کردنەوەی پلە بەندی دەیسەلمێنێت رۆڵی هەبووە لە سەرکوتکردنی راپەڕینی کوردستان و پاداشت کراوە", بە وتەی خۆی سەرەتای شەڕی عێراق-ئێران پاسەوانی فرۆکە خانەی کرمان بووە, دواتر وەك بەرپرسی دەستەیەکی ٣٠٠ کەسی بەشداری بەرەی سوسنگەردی کردووە لە شەڕی

عێراق - ئێران. بەڵام کەسانی دی دەگێرنەوە گوایە بۆ ماوەی دوو هەفتە نێردرا بۆ بەرەی شەڕی ئێران -عێراق بۆ دابەشکردنی ئاو, دوایی مایەوەو نەگەڕایەوە.
ناو براو لە شەڕە گەورەکانی "کەربەلاکانی ١ و ٤ و ٧, نەسری ٤ , فەتح مبین, فەجری ١ و ٣ و ٤ , رەمەزان, بیەت الموقەدەس ١ و ٧ و رێگای قودس, سامن ئال ئائمە... لە سەرتاسەری بەرەکانی شەڕی عێراق - ئێران بەشداری کردووە" .
سلێمانی لە هێرشی رێگای قودس لە ناوچەی زۆنکاوەکانی حەوێزییەی عێراق بریندار دەبیت لە ٢٩-١١ بۆ ٧-١٢-١٩٨١, بەڵام شانازی دەکرد بە بەشداریکردنی لە شەڕی فەتح مبین لە ٢٢ بۆ ٢٨ی ئازاری ١٩٨٢, کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی ئاگرپەرستانەوە بە ئیستڵاحی ئیسلامی سیاسی, سوپای ئیسلام ئەنجامی دا لەناوچەی شوش, دوای ٣٠ هەزار کوژراو توانی ٢٥٠٠ کیلۆمەتر دوجار لە ناوچەی خوزستان بگرێتەوە.
لە هیچ یەکێك لەو دوو جەنگە کە تیایدا ئێران سەرکەوتوو بوو, وە حسێن خرازی سەرکردایەتیانی دەکرد, قاسمی سلێمانی لە ریزی فەرماندەکانی نەبووە, کە مایەی شانازی بن بۆی.

**هۆکاری جینۆسایدی کوردە**

قاسم سلێمانی لەو شەڕانەی کە بووە هۆی جینۆساید و ماڵوێرانی بۆ خەڵکی کوردستان و وڵاتیان کردە بەشێك لەو کارەساتە, لە پاڵ بەشێك لە هێزە کوردییەکانی باشوور بەشداری کردووە, لە شەڕی فەجری چوار لە ساڵی ١٩٨٤ لە ناوچەی پێنجوێن, شلێر تا سورێن, ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوەی ناوچەکە وێرانبێت, هاوکات بووە هۆکارێك کە شاری مەریوان بە بۆردومانی فڕۆکە لە لایەن بەعسەوە ویچرانبکرێت و خەڵکەکەشی کۆمەڵکوژی بکرێت , هەروەها لە شەڕی نەسری پێنج لە ناوچەی ماوەت بەشداری کرد لە رێکەوتی ٢١-٦-١٩٨٧, تیایدا بەهۆی هەڵەی ئەوەوە دەیان هەزار کەس لە سوپای ئێرانی کوژران, وە بووە هۆکارێك کە بەعس شاری سەردەشت کیمیاباران بکات لە یەك شەممەی رێکەوتی ٢٨ی هەمان مانگدا, یەکەم شار بوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کیمیابارانکرا.
ئەمەو بەشداری ژمارەیەك لەشەڕەکانی قەرارگای رەمەزانی کردووە, لە گرتنی شاری هەڵەبجە و شەڕی بەیتوالمقەدەسی ٤ لە چیای شەمێران کە تاوانی هەڵەبجەی تێدا ئەنجامدرا, ئیتر تاوانی هەڵەبجە لە ٥٠٠٠ قوربانی شارەکەو دزینی سەروەت و سامانی خەڵك تا دەگاتە لێدانی هێزەکانی رۆژهەڵات قوربانییەکانی گوردانی شوانی کۆمەڵەو سوپای رزگاری و حیزبی دیموکرات و گرتن و ئیعدامی سەدان کەسی دیکەی رۆژهەڵاتی پێویست بە شڕۆڤە ناکات, هەموو ئەو شەڕو نەسرو شتە عاجباتیانەشی بە هاوکاری یەکێتی و پارتی و سۆسیالست و بزووتنەوەی ئیسلامی ئەنجامدران, واتا شیوەن گێرانی ئەمڕۆی سیخوڕ خانەکانی سلێمانی و هەولێر بۆ قاسمی سلێمانی.
لە باشوری کوردستانیش لە رێگای پێشمەرگەوە لە زۆر تێروانین بۆ شەڕی هاوبەش لە گەڵ پێشمەرگەی لایەنەکانی یەکێتی و پارتی و حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی و

لەشکری موسڵمانی کورد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وەك قەرارگای رەمەزان ئامادەیی هەبووە, کە دواتر بەهۆی ئەو شەڕە هاوبەشانەوە گەلەکەمان تووشی کۆمەڵکوژی گەورە هات لە شاڵاوەکانی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە, کە دواتر ئێران بەشێك لەو خەڵکە لێقەوماوە بە پەناهەندە وەر دەگرێت, ئێستا بە فەزیلەت دەیفرۆشنەوە, کە خۆیان هۆکاری تراژیدیاکە بوونە نەك هاوکاریکەر, هۆکاری دەردو مەینەتەکان بوونە نەك برینپێچی برینەکان.
سلێمانی لەدوا دیداریدا لەگەڵ خامنەئی, سێ ڕێزلێنانی ئازایەتی بە یەکجار پێ بەخشرا, کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستی بەوە بوو, ئەو وەك هێمایەکی ئازایەتی بناسێنێت, تا هژمۆنیای خۆی لە هەرێمەکە بپارێزێت, واتا کۆماری ئیسلامی پێویستی پێ بوو قارەمان دروست بکات, نەك حەقیقەت وا بوبێت کە پاڵەوان بووبێت.

## رۆستەمی زاڵ و ئەبو موسلمی خوراسانی و عەلی حەسەن مەجیدە

لای شیعەکان یان ئێرانییەکان, جگە لە ناوە ئاینییە پیرۆزەکان کە لیستەکەیان زۆرە, چ ئەوانەی کوژراون یان قەول وایە زیندوبنەوە دوای مردن بۆ درێژەدان بە ئەرك و پەیامەکانیان لە دوارۆژدا لە ناکاو بگەڕێنەوە, دوو کەسایەتی وەك پاڵەوانی دانسقە لای ئیچرانییەکان نمایش دەکرێن کە ئەوانیش ئەبو عەباس موسلم خوراسانی " ٧١٨-٧٥٤ ز", کە ئەمەوییە کافرە بکوژەکانی عەلی و حەسەن و حوسێن و قاسمیان لە دەسەڵات لادا, لە گەڵ رۆستەم و زۆرابی شانامەی فیردەوسی کە ئەبو قاسم فیردەوسی " ٩٣٥-١٠٢٠ " نووسیویەتی, هەردووك ئەفسانەی پاڵەوانیەتی ئێرانیەکانن و لای ئەوان لە هیزو پاڵەوانێتیدا نموونەیان لە جیهاندا نییەو نابێت, لە هەردوو بواردا ناوی قاسمیش ئامادەیە, ئێستا هەندێك قاسمی سلێمانی لە زیندوکردنەوەی خەلافەتی شیعە بەناوی مانگی شیعە دەبەنەوە سەر موسلم خوراسانی, لە پاڵەوانێتی و هێزیشدا دەیبەنەوە سەر رۆستەم و زۆراب, لێ لە راستیدا قاسم سلێمانی هیچکام لەو دوانە نەبوو, بەڵکە بۆ خۆی عەلی حەسەن مەجید" ١٩٤٤-٢٠١٠"ێکی شیعەگەرای ئێرانی بووە, عەلی حەسەن مەجید چۆن پێشتر نایب عەریفێکی فاشیل لە سوپای عێراق بوو, بەو دەسەڵاتە زۆرەی لەدوای ٣٠-٦-١٩٨٧ ەوە پێی درا, بە وەحشیەت و دڕندەیی توانی ژیان لە لادێکانی کوردستان بسڕێتەوە و زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ کورد بکوژێت و هێزی پێشمەرگە لە باشوری کوردستان دەربکات, وەك لایەنی سەربازی ئەمە بۆ ناسیۆنالستی عەرەبی سەرکەوتنە, هەنووکەش ناسیۆنالستەکانیان بە شانازییەوە بۆی دەگەڕێنەوە, لێ بۆخۆی دڕندەیی و وەحشیەتیکە, لای کورد عەلی حەسەن مەجید تەنها نایب عەریفێکی فاشیلی وەحشی بوو, بۆ نەتەوەییە عەرەبیەکانیش ناوبراو فەرماندەیەکی مێژووی بە بەهای سەربازی بووە, بەهەمان شێوە بۆ ئیسلامییە شیعە گەراکان سلێمانی خەونی دزراوی بۆیان گەڕاندۆتەوە, فەرماندەی بنەڕەتی سەربازی تا مردن بووە, چل ساڵ تەواو پۆستاڵی پاسداری لە پێ نەکردۆتەوە, ئەوان لە لە فردەوسدا لە باوەشی

حوسێندا دەیبیننەوە, کە بەرزترین خەونی ئەفسانەیی ئەوانە, وەلێ بۆ ئێمە دەبێت هەر پاڵەوانەکەی شەڕی سێ مانگەی رۆژهەڵات و گرتنەوەی کەرکوك ماڵوێرانی شاری دوز بێت, قوتابییەکی فاشیلی پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو, ئەخلاق رێگامان نادات ستایشی قاتلانی خۆمان و مرۆڤایەتی بکەین, بۆ ئازادیخوازانی ئێرانیش هەر لە جەلادێك زیاتر نییە, بۆیە لە هەر جێگایەك وێنەو پەیکەری هەبێت سوتێنراوو شکێنراوە, ئەوانەی ستایشی دەکەن و رێز لە یادەوری دەگرن دوورن لە ئەخلاقەوە.

## قاسم سلێمانی و قودس

قاسم سلێمانی فەرماندەی ٢١ ساڵەی فەیلەقی قودس, بەهۆی نزیکایەتی لە ئایەتوڵا خامنەئیەوە ئەو پۆستەی وەرگرت, بڕیار بوو کاری سەرەکی ئازادکردنی قودس بێت, وەلێ ئەو بەرەیەی چۆڵ کردو خەریکی گەرمکردنی شەڕی عەلی و عوسمان و عومەرەکان بوو لە کۆمەڵێك وڵات, تەنانەت یەك تاقە فیشەکیشی لە پێناو ئازادکردنی شاری قودس وەك خاك لە سنورەکەی نەتەقاند, ئەو ریمۆن کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی و حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکان و هەزارەکان و تەواوی گروپە چەکدارە شیعەکان لە دەرەوەی ئێران لە گیرفانی بوو بە حەماس و جیهادو ئەنسار ئیسلام و کۆمەڵی ئیسلامیشەوە, وەلێ نەیتوانی یەك کار دژی جولەکە لە سەر زەمینی خۆیان بکات, بگرە تەقەیەك خۆشیشی بەسەریاندا نەتەقاند, تەنانەت تەلقە تەنویرێکیش, بگرە ئەو کارە سەربازیانەی لە ماوەی شەڕی ئێران عێراق بەناوی قودس و بەیتولمقەدەسیش ئەنجامیدا تیایدا لە هیچیان سەرکەوتوو نەبوو, ئەنجامەکەی بەوە گەیشت خومەینی پێش مەرگی بایەلۆجی پیاڵە ژەهرەکەی خواردەوە بووە هۆی مەرگی ئایدۆلۆجی ئازادکردنی قودس.

## سوپای قودس

لە ساڵی ١٩٩٨ لە کاتی هاتنە سەر کاری تاڵبان لە ئەفغانستان, کە سوپای قودس دامەزرا, ئەو وەك فەرماندەیەکی مەزهەبگەرای توندڕەو و خاوەند ئەزموون لە سەرکوتکردنی گەلی کورد و بلوج کرایە فەرماندەی سوپاکە, چونکە کارەکانی هاوشێوەی کارەکەی کوردستان بوو, بەهۆی جیایی مەزهەبەوە ئەوەندە رقی لە تاڵیبان بوو تا ئاستێك, شەیتانی گەورەی لەبیر بردبوەوە.
سوپای قودس کە بەرپرسە لە ئۆپەراسیۆنە دەرەکیەکانی سوپای پاسداران, ئەوەش کردوویەتیە هێزێکی سەرەکی لە عێراق و لوبنان و سوریاو یەمەن , وە کاریگەر لە ئەفغانستان و بەحرێن و کوەیت و سعودیە و غەزەو....تاد .
قاسمی سلێمانی لەماوەی ٢١ ساڵدا کە فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران بووو بەڵام تەنها ٧ ساڵی دوایی دەرکەوت، توانی ئەم هێزە لە گوردانێکەوە بکات بەتیپێكو

پاشان بە لەشکرێکی گەورە کە زیاتر لە ٢٢ هەزار پاسداری لەخۆ دەگرت، زۆربەی پۆستە دیبلۆماسییەکانی ئێران بۆ نموونە باڵوێزەکانی ئێران لەعێراقو ئەفغانستانو لوبنانو سوریا سەر بە هێزی قودس بوون, تەنانەت زۆربەی پۆستە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیش ئەو کەسانە بوون کە سەر بەهێزی قودسی سوپای پاسداران بوون.
ژەنەراڵ رەحیم سەفەوی دەڵێ ٨٢ لیوای لە سوریاو لوبنان دامەزراند.
٦٠یان لە سوریا کە ٧٠٠٠٠ چەکداری هەبوو و وێڕای میلشیا فاتمییە ئەفغانییەکان, زەینەبییە پاکستانییەکان, حەیدەرییە عێراقییەکان.
محەمەد رەزا نەقدی جێگیری هاوئاهەنگی پاسداران وتی ئێران ١٧ ملیار دۆلاری لە چالاکییە هەرێمییەکان خەرج کردووە.
بەم هێزو ئیمکاناتە داراییەوە سلێمانی بووە بەهێزترین کەسایەتی دەوڵەتی قولی ئێران.

**مەزهەبگەرابوو**

قاسم سلێمانی کەسێکی تا سەر ئێسك مەزهەب گەرای دژ بە سونە بوو, رقی لە عومەر زیاتر دەبوەوە لە شەیتان, لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی ئێرانی بە ئاشکرا داوایکرد هاوکاری شەیتانی گەورە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن بۆ روخاندنی حکومەتی ئیسلامی سونە گەرای تاڵیبان لە ئەفغانستان, کە لەوکاتە توندڕەوەکانی جیهانی ئیسلامی لە خۆی کۆکردبوەوە بە بن لادنیشەوە.
دوای ١١ی سەپتەمبەر, ریان کرۆکەر لە جنێف چاوی بەو دیپلۆماتکارانە کەوت کە لە ژێر فەرمانی سلێمانی کاریان دەکرد, بە مەبەستی هەماهەنگی بۆ روخاندنی تاڵیبان, ئەم هاوکاریانەش گرنگ بوونە بۆ دیاریکردنی جێگا هەستیارەکان بۆ لێدانیان و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی قاعیدە.
ئەو لە ئەفغانستان نەخشەی سەربازی جێگیربوونی هێزەکانی تاڵبانی پێشکەش بە ئەمەریکییەکان دەکرد.
تەنسیقی سلێمانی و ئەمەریکا بۆ لێدانی تاڵیبان تا ئەوئاستە بوو, رێنوێنی ئەمەریکیەکانیان کرد بۆ دیاریکردنی ئەو جێگایانەی لێبدرێن, نەخشەی هێزەکانی تاڵبانیان پێشکەش ئەمەریکییەکان کرد, ئەمەریکییەکانیش لە بەرامبەردا شوێنی نهێنی یەکێك لە هاوکارانی قاعیدە لە مەشهەد دەدەنە ئێرانییەکان, تەنانەت هاوکاری هەردولا دوای روخانی تاڵبانیش بەردەوام بوو.
ئەوە جۆرج بۆش بوو لە سەرەتای ٢٠٠٢ ئێرانی خستە میحوەری شەڕەوەو کۆتایی بەو مانگە هەنگوینیە هێنا, نەك کۆماری ئیسلامی ئێران رەتی دەست لەملانێی شەیتانی گەورەی کردبێت.

## سەركوتكردنی راپەڕین

ئەو پاڵەپەستۆی خستە سەر خاتەمی دژ بە چاكسازی لە ساڵی ١٩٩٨ كە زیادە رەوی نەكات, هەروەها ساڵی دواتر راپەڕینی قوتابیان لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ سەركوت بكات " لە گەڵ ٢٣ لە كەسایەتییەكان داوای لە خاتەمی كرد راپەڕینەكە بە زویی دامركێنێتەوە, وتەیەك بەناو بانگی هەیە لەو بارەیەوە كە وتویەتی: ئەمڕۆ سەركوتیان بكە سبەی درەنگە ناتوانین بیگەڕێنینەوە", ئەوو قائانی دوان لەو (٢٤) فەرماندانەی سوپای پاسداران بوون كە نامەیان بۆ سەرۆكی ئەو كاتەی ئێران محەمەد خاتەمی نووسی, لە نامەكەدا وتیان: ئەگەر خاتەمی یاخیبوونی خوێندكارەكان تێك نەشكێنێت، ئەوا ئەوان بەهێزی سەربازی دەیكەن و هەڕەشەی كودەتایان كرد لەدژی.
محەمەد عەلی جەعفەری فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران دەڵێت: سلێمانی لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٩ دابەزیە سەر شەقام بۆ داكۆكیكردن لە شۆرشی ئیسلامی دژ بە دوژمنانی شۆرش و هەنگاوی گرنگی نا بۆ سەركوتكردنی ناڕەزایەتییەكان, ئەو لە بارەگای یەكەی سارو اللە‌ی تایبەت بە پاسداران , كە ئەركی پاراستنی پایتەخت بوو لە كاتی قەیرانەكاندا, لە تەموزی ١٩٩٩ پەلاماری گەڕەكی قوتابیانی زانكۆی تارانی دا, لە ئەنجامدا ٣ قوتابی كوژرا, زیاتر لە ٢٠٠ یش بریندار بوون و ١٤٠٠ یش دەستگیر كران" قەسابخانەكە زۆر لەوە گەورەتر بوو وەك ئەو دەیگێڕێتەوە".
ناڕەزایەتییەكان لەو كاتەدا دژ بەو شالاوی تیرۆركردنە بوو بەرامبەر بە ژمارەیەك زۆر لە نووسەرو هونەرمەند و سیاسییە ناسراوەكانی ئێران ئەنجامدران, بەناوی دەستی نادیارەوە, وەلێ رژێمی ئێرانی لە پشتیانەوە بوو.
ساڵی ٢٠٠٩ یش بەرامبەر بە خۆپیشاندانەكانی بزاڤی سەوزەكان دژ بە ئەنجامی هەڵبژاردن بەڕێوە چوو یەكەی ساروالله تاوانی ئەنجامدا, ناڕەزایەتییەكان چەندین مانگ درێژەی كێشا , ٨٠ كەسیان كوشت" ئەمیش زۆر زیاترە", بە وتەی جەعفەری, سلێمانی زۆر جار لە كارەكانی ساروالله دەردەكەوت لەوكاتەی پێویست بوایە ئامادە دەبوو, وە خۆی دادەبەزییە سەر شەقامەكان, قاسم سلیچمانی بۆخۆی فەرماندەی پێشتری لەشكری سارولا بوو.

محەممەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی پێشووی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە تویتێكدا لە رێكەوتی ٢٠ی ڕەشەمەی ٢٠١٨ ڕایگەیاند كە قاسم سولەیمانی ڕۆڵی هەبووە لە دامركاندنەوەی ناڕەزایەتییەكانی ئێران و "ڕێوشوێنی كاریگەر"ی گرتووەتەبەر.
ناوبراو ئاماژەی بەوەشكرد، "لەكاتی فیتنە ٧٨ و ٨٨دا قاسم لە شوێنی دژە شۆڕشدا بوو لەسەر زەوی شەقام و ڕێوشوێنی كاریگەرانەی گرتەبەر بۆ كۆنترۆڵكردنی نائەمنی و ئاژاوەگێڕییەكان". ئێمە چەندین جار شاهیدی بوونی ئەو بووین لە ئۆردوگای سارولا.

سەبارەت بە نارەزایەتییەکانی عێراق ، سولەیمانی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا وتوویەتی: " (نارەزایەتی) لە ئێران ڕوویدا و ئێمەش کۆنترۆڵمان کرد". وتی "ئێمە لە ئێران دەزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ نارەزایەتییەکان بکەین". واتا ئێوەش هەمان مامەڵە بکەن.
مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەم بارەیەوە وتی: قاسم سولەیمانی بەرپرس بوو لە سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵک، بووە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە ١٥٠٠ خۆپیشاندەر و دەستگیرکردنی زیاتر لە ٧٠٠٠ کەسیان.

## سەرکوتکردنی گەلی بلوج

قاسم سلێمانی, دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران عێراق لە ساڵی ١٩٨٨, بەرپرسی سەرکوتکردنی بلوجستانی گرتە ئەستۆ وبۆ ماوەی ٨ ساڵ فەرماندەی سەربازی ناوچەکانی کرمان بۆ سیستان و بلوجستان بوو, سەدانی لێ کوشتن و ئیعدام کرد, ئەو بەناو بۆ رێگاگرتن لە قاچاخچێتی مادە بێهۆشکەر کارەکانی ئەنجام دەدا, وەلێلە راستیدا سەرکوتی گەلی بلوجی گرتبووە ئەستۆ.
لە دوای کۆتایی جەنگ لە ساڵی ١٩٨٨ هوە , سوپای ٤١ی ساروڵا, کە قاسم سلێمانی فەرماندەی بوو, چووە ناوچەی کرمان و سیستان و بلوجستان بۆ لێدانی بزووتنەوەی چەکداری بلوجەکان, لە سەرکوتکردنیاندا رۆڵی کارای هەبوو, کوشت و بڕی زۆری لێکردن, دوای ئارامکردنەوەی ناوچەکە بەهۆی رۆڵی لەسەرکوتکردنی بلوجەکان وەك پاداشت کرا بە فەرماندەی سوپای قودس.

## لێدانی کەمپی ئەشرەف

دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣, کەمپی ئەشرفی موجاهدین خەلق لە نزیك شاری خالسی سەر بە پارێزگای دیالە کە نزیك ٣٤٠٠ لە ئەندامان و چەکدارانی موجاهدینی خەلیقی تێدا دەژیان کە بە پێی رێکەوتنامەی جنێف پارێزراو بوون, بەردەوام کێشەی نێوان حکومەتەکانی پاشکۆی ئێران لە بەغداو ئەمەریکییەکان بوو, ئەم کەمپە لە سالچی ١٩٨٦ هوە دامەزرابوو.
چەندین جار لە لایەن چەکدارانی نزیك لە قەرارگای رەمەزانەوە بە رێنوێنی قاسم سلێمانی پەلامار دران, لە یۆلی ٢٠٠٩ پەلاماردران , ١٣ کەس کوژراو ٤٠٠یش بریندارکران, لە رێکەوتی ٨ ئەبرێلی ٢٠١١ پەلاماردران لە ئەنجامدا ٣٤ کەس کوژرا لە دانیشتووانی کەمپەکە,.....
لە یەکی سەپتەمبەری ٢٠١٣, پەلاماری کەمپی ئەشرفی یەکی موجاهدین خەلق درایەوە لە شاری خالس لایەن گروپەکانی سەر بە فەیلەقی قودسەوە, لە ئەنجامدا ٥٢ کەس لە موجاهدین خەلق لە پەلامارەکە ژیانیان لە دەستدا, ٧ کەسیش رفێنران.

هەرچەندە پێشتر دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف گواسترابوونەوە بۆ سەربازگەی لیبەرتی لە بەغدا کە بە ئەشرەفی دوو ناسراوە, تەنها ١٠٠ کەسێکیان لە ئەشرەفی یەك مابوونەوە لەو کاتە, دوای دەرۆژ لەو تاوانە هەموو گواسترانەوە بۆ کامپی لیبەرتی.
دوای دوو ڕۆژ لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە، قاسم سولەیمانی مەجلیسی پسپۆڕانی ئێرانی ئاگادارکردەوە کە ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ئۆپەراسیۆنی ڕوانگەی "ڕووناکی ئەبەدی" گەورەتر بووە.
دواتر شوێنی کەمپی ئەشرەف کرا بە بارەگای سوپای بەدر.

## سلێمانی و دانانی بەرپرسانی عێراق

هادی عامری لە یەنایەری ٢٠١٥ وتی قاسم سلێمانی نەبوایە عەبادی نابووە سەرۆك وەزیران, پێشتریش سلێمانی مالکی و تاڵەبانی لەسەر کورسییەکانیان دانابوو, لە پڕۆفایلەکەی وەك سەرکەوتن بۆی نووسراوە, ئەمە وێنایە بۆ هەموو ئەوانەی لە عێراق لەسەر کورسی داندران نەك هەڵبژێردران راستە, هەموو داشی شەترەنجی سلێمانی بوون, بە چرای سەوزی ئەودا تێپەڕیون, بۆیە بۆ ئەوان شیوەن و قوڕ پێوان هێشتا کەمە بۆ مەرگی ئەم دڕندەیە.
فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (شەرقیە) وتی: کە کاندیدبووم بۆ پۆستی سەرۆك کۆمارو دەرنەچووم ئێرانییەکان وتیان سێ بە سفر بردمانەوە. ئەم قسەیەی ئێرانییەکان وەکو مرۆڤێك کاریگەری لەسەرم دانا. کاریگەری ئێران لە پرسی یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆماردا روون بوو. ئێران دەبێت لە دەرگاوە بێتە ژورەوە، نەوەی داهاتووی عێراق قبوڵی دەستوەردان ناکات
ئالا تاڵەبانی دەڵێت: شەهید قاسم سولەیمانی و محەمەد حەلبوسی قایلیان کردم لە خۆکاندیدکردنم بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمان بکشێمەوە.
کرۆکەر دەڵێت " پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکم لە بنەرەتدا ئەنجامی دانوستانی نێوان تاران و واشنگتۆن بوو. واتا هەموویان بە تەسکیەی سلێمانیدا رەت ببوون.
نەك هەر ئەوە, بەڵکە دەزگای "هیئە إعادە إعمار العتبات المقدسە" کە سەرپەرشتی جێگا پیرۆزەکانی شیعەکانی دەکات لە سەرتاسەری عێراق راستەوخۆ لە ژێر دەستی سلێمانیدا بوو, بەرپرسانی لە لایەن سلێمانییەوە دادەنران کە کاروباری هەموو جێگا پیرۆزەکانی شیعەی لە عێراق لە بردەستدا بوو, داهاتی بێ شمارە بوو.

## قاسم سلێمانی و نەکەوتنی هەولێر

لە بەر چاومە ئەو دوا نیوەڕۆیەی تەنها ٤٠ داعش مەخموریان گرت, هیچ کام لە پەرلەمانتارەکانی شەو و کەناڵەکانی راگەیاندن لەو دەوروبەرە نەمابوون, هێزێکی بچکۆلەی گەریلاو چەند کەسێکی خۆبەخشی مەدەنی لە باخچەی دیار مەخمور

مابونەوە, بە چاو داعشەكانی لە خوارەوە دەبینران, كەوتبوونە تالأنی گەنمی سایلۆكەی مەخمور, وردە وردە ئەو هێزە بچوكە" هیچیان ناویان لە لیستی كتێبەكەی جەماڵ مورتكە نەنووسراوە" گەورەوە بوو, هەڵاتووەكان مەخمور غیرەتیان بە بەردا هاتەوەو لەو دیو مەفرەقی گوێر- دیبەگە گەڕانەوە بۆ باخچە, باخچە مایەوە نەكەوت, دواتر پێشمەرگەی دێرین و هێزەكانی رۆژهەڵاتیش كۆبوونەوە لەو شوێنە, لەوێوە هێرشی بەرپەرچ ئەنجامدرا و مەخمور ئازاد كرایەوە, كورد نەگبەتە باسی ئەو هێزە ناكات كە لەویٛ لەو چركە ساتە هەستیارە چەند كاتژمێرییە چەقی, كە كوردەو ناوی پكك هیە, كە دواتر بارزانی چوو سوپاسیانی كرد, یان ئەو هێزەی لە سلێمانیەوە هات, یان ئەو كۆنە پێشمەرگانەی بوونە فیدایی و قەرەچوغیان گرت و چەقین بەدیار شارەوە, خۆ سەنگەر عەوڵا حاجی نەگبەت یەكەم كەس بوو لێدوانی دا لە بەردەم قایمقامیەتی مەخمور لە پاش ئازادكردنەوەی, لە چركە ساتەكانی یەكەمی گرتنی مەخمور كە بەرپرسانی ئێستای هەولێر زۆریان هەڵاتبوون, یان ئەو پەرلەمانتارانەی شەوەكەی لە شاشەكانەوە فشەیان لێ دەدا, هەقی وایە بە ئەرشیفدا بچنەوەو دەریان بهێننەوە, چ لەكاتی پاراستنی, یان ئازادكردنەوەی مەخمور شتێك, دەعبایەك بەناوی قاسمی سلێمانی و ٧٠ پاسدار بوونیان نەبووە, كە ئێستا فلیمەكەیان گۆڕیووە گوایا لە ئازادكردنەوەی مەخمور بەشدارییان كردووە, وە رێگر بوونە لە كەوتنی هەولێر, دیارە لە ترسا كەس نایوێرا بە فەرمی وەك حكومەت و وەزارەتی پێشمەرگە وەڵامی بداتەوە, ئەوەی لەوكاتە هەستیارەو رۆژانی دواتریش نەبینرا ئەو ٧٠ كەسە بوون.

## سلێمانی كەركووكی گرتەوە

قاسم سلێمانی فەرماندەی گرتنەوەی شاری كەركووك و دوزو ناچەكانی دی بوو لە ١٦ی ئۆكتۆبەردا, واتا نەك شوێنێی بۆ كوردان ئازاد نەكردووە و نەپاراستووەو فەزیلەتی نییە بەسەرمانەوە بگرە پانتاییەك زۆری لێ داگیر كردەوە, تەنانەت فەرمانی ئەو بوو شەوی ١٦ی ئۆكتۆبەر پێش ئەوەی مەكگۆرك لە پشووی كۆتایی هەفتە دەست بە دانوساندنەكانی بكاتەوە, بۆ رێگری لە بە ئاشتیانە چارەسەركردن, فەرمانی هێرشی خێرای دا, بۆ رێگا گرتن لە چارەسەری سیاسی كێشەكان, بۆیە كوردستان بە هیچ جۆرێك قەرزاری نییە, بگرە تەواو پێچەوانەكەی تەواو راستە.

## هێزی قاسم سلێمانی

كۆماری ئیسلامی ئێران پێویستی بەوە بوو پاڵەوانێك دروست بكات, پاڵەوان دروستكردن هەمیشە بووە لە مێژوودا, بە تایەت مەزهەبی شیعە هەمیشە پێویستیان بە پاڵەوانی واقعی و پاڵەوانی خەیاڵی هەبووە, بۆ زنجیرلێدان و درێژەدان دان بە ماتەمینیەكان و دروستكردنی هیوا.

قاسمی سلێمانی پێگە جەماوەریەکەی پێگەی مەزهەبی شیعەگەرایە و تواناکەی ئەو توانا مادیەیە کە ئەژماری بێسنوور بوو لە لایەن خامنەئییەوە, دەیان کارگاو کۆمپانا و بەندەر ... لە خزمەت پرۆژەکانیدا بوون, کە بە جانتا هەلچگری ئیمام ناسرابێت, لەو کەسە دانسقەتر نییە بکرێتە پاڵەوانی ئەفسانە, لە کۆتادا هەر جانتا هەڵگرە. ئەو هەڵگری پەیامی سەپاندنی رەشترین دەسەڵات بوو لە ناوچەکە, هەموو ئەم سەرکوت و پارەو هژمۆنیای سەدان ساڵەی شیعەگەرا هێزیان پێ بەخشی بوو, ئەمە وایکرد گۆڤاری تایمی ساڵی ٢٠١٧, قاسم سلێمانی بە یەکێك لە ١٠٠ کەسایەتییە کاریگەرەکەی جیهان بناسێنێت, لە راستیشدا کاریگەر بوو لە سنوورێکی بەرفراواندا خەریکی کوشت و برو جۆشدانی شەڕی ئاینی و مەزهەبی بوو, لێ مەرج نییە ئەوەی کاریگەر بێت دادپەروەر بێت و شایانی نازناوی وەك جیگوارا بێت, زۆرینەی کاریگەرەکان نادادپەروەرن و سەرچاوەی نەهامەتی مرۆڤایەتین, هەموو کاسکێت لەسەر و پۆستاڵ لە پێیەك و دێوانەی چەك هەلگرتنێك جیگوارا نییە, چرووت کێشانیش جوانی نییە.

**شەرم دەکەم لە بەشێکی هاوڕێ چەپەکانم**

رۆنامەی لۆمۆندی فەرەنسی بە جیڤارایان ناساند, تێلەسوری فەنزوێلی بە شۆڕشگێڕی بنەڕەتییان دایە قەڵەم, ئاخ شەرمە کەم دەبینم ئیدعاکەرانی چەپ دەکەونە زەلکاوی کوێربوونی چەپەڵەوە, خۆ هەڵواسینی جارێك بە بن لادن و جارێك سلێمانی بە ناوی جیڤاراوە, ناشرینکردنی رێگاکەی جیڤارایە بە چەپەڵی کارەکانی ئەوان, وێڕای داتاشینی ئازایەتی درۆینەیە بۆیان, کەسێك هیچ کات یەکێك لەو دووەی نەبینی لە پێشەوەی هیچ نەبەردییەکدا, هەر خەڵکیان بۆ مەرگ نارد, بوونە کارخانەی مەرگ, وێڕای پەیامە نامرۆڤانەکانیانو هەڵگری رەشترین پەیامی دواکەوتووانە بوون.

**ستایش کردنی قاسم سلێمانی, ستایشی تاوان**

کەواتە قاسم سلێمانی جەنگاوەرێك کورد کوشتن کردی بە جەنگاوەر لە ماوەی دووسالدا ٥٨ بۆ ٦١, شوێن دەستی بە زۆرینەی تراژیییەکانی کوردانی رۆژهەلات و باشوورەوە دیارە" مەریوان, سەردەشت, هەڵەبجە",
سەری نێزەی سەرکوتکردنی راپەڕینەکانی خەڵکی ئێرانە, سەرباری وڵاتانی دیکە, لە بۆسنەو هەرسکەوە بۆ یەمەن و کینیا, لە تاجیکستان و ئۆزەبکستانەوە بۆ لوبنان و ئەفریقا تاوانی ئەنجامداوە, لەماوەی ٢١ ساڵدا هەر تیرۆرێك کرابێت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لەسەرتاسەری جیهان بە باشووری کوردستانیشەوە راستەوخۆ بە فەرمانی ئەو بووە, تیرۆرکردنی سەدان تێکۆشەری رۆژهەلاتی لە باشوور بەشێکن لە کارەکانی, سەرکوتکردنی گەلی بەلوج, شەڕی یەمەن و لوبنان و جۆشدانی شەڕی مەزهەبی لە پاکستان و ئەفغانستان.

هەرچەندە کارەکانی ئەو هەواڵگری و نهێنی بوو, بۆیە زۆرینەی تاوانەکانی تا ئێستا شاراوەن.
وەك كەسێك بەشدار لە تاوانی گەورە بە پێوەرە جیهانییەکان, پیاهەڵدان بەسەریدا کارێکی نا ئەخلاقییە ویڕای نکۆڵیکردنە لە تاوانەکانی, نکۆڵیکردنیش بۆخۆی تاوانە, سڕینەوەو جوانکردنی تاوانەکانیشێتی, هەقی سزا دانی هەیەو بە تایبەت بۆ خەڵکی کوردستان کە قوربانی یەکەمی ئەم جەلادە بوونە.

**رزگاربوون لە نهێنییەکان, بەلام فایلەکان ماون**

راستە سیاسیەکان کورد رزگاریان بوو لە سلێمانی, مردوویەکی وەك قائانی شوێنی بەتاڵ کرد, بە مردنی سلێمانی بەشێك لە نهێنیەکانیشیانی لە گەڵ خۆیدا بردە گۆڕەوە , ئەو لە نەخشە دانان بۆ لەناو بردنی نەیارانی نزیکی خۆی سڵی نەکردبێتەوە, ئەو هەڕەشەی کودەتای لە مەلاکانی وەك خاتەمی و کەڕوبی کردبێت, دەبێت چی لەم وڵاتانە و لەم عێراق و کوردستانە کردبێت, چەند تاوانی نهێنی تێدا ئەنجام دابێت, لەگەڵ خۆیدا چ خەزێنە زانیارییەکی پڕ بەهای بردبێتە گۆڕەوە کە شیوەنگێرانی ئەمڕۆ شەریکە بەشی بوونە.
لێ چەند لە سلێمانی رزگاریان بووبێت, ئەوا فایلەکانیان پارێزراوە, پێویستە سالانە لەم نمایشە تاوانکارییە بەشدار بن.

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠